# پێش ئەوەی

# کەشتیەکەمان نووقمی دەریا بێت !

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: زاگرۆس هەمەوەند

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( قبل أن تغرق سفينتنا في البحر )

« باللغة الكوردية »

إعداد: زاكروس هموند

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# پێش ئەوەی

# کەشتیەکەمان نووقمی دەریا بێت !

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەمیهرەبان وصەلەواتی ئەو زاتەپیرۆزەش لەسەر پێغەمبەری ئیسلام وسەرجەم هاوەڵان وشوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

ئازیزان وخۆشەویستان ئاشکرایەئەوخراپەوخراپەکاریەی کەئێستا لەسەر زەوی پەیدا بووەلەسەرەتای دروست بوونی ئەم بونەوەرەوەنەبووە، وەلەگەڵ تێپەڕاندنی ڕۆژ وساڵ وسەدەکاندا وورده ووردەبەهۆی خراپەکاری دەستی ئادەمیزادوبەزاندنی ئەو سنوورانەی کەپەروەردگار بۆی دیاری کردوونڕوویان لەزیادی کردوە .

ئەمەش بەسەرنج دان وبەراورد کردنێک لەنێوان مێژووی کۆن ونوێدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێت، بۆ نموونەدەرکەوتنی ئەو ژمارەزۆرەی نەخۆشیەکوشندەکانی وەک ( شێر پەنجەبەهەموو جۆرەکانیەوە،هەروەها نەخۆشیەکانی ئایدز وسەیەلان و زوهری و... هتد ) کەلەسەدەکانی ڕابووردودا یان نەبوون، یان بەژمارەیەکی کەم لەناو خەڵکدا هەستیان پێکراوە، یان پیس بوونی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەوئاوی کشتوکاڵ وپیس بوونی کەش وهەواو وژینگەبەگشتی، هەموو ئەمانەتەنها هۆکاریان دەگەڕێتەوەبۆ خراپ مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەو سروشت وژینگەجوانەی کەخوای گەورەدروستی کردووەبۆ خزمەتی ئەوان .

لەم بارەیەشەوە خوای گەورەفەرموویەتی : ( ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ) [ الروم : ٤١ ] .

واتە: تاوان وخراپەوخراپەکاری دەرکەوتوەوهەموو سەرزەوی ودەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان وگوناهانەوەکەخەڵکی دەستیان داوەتێ، سەرەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێک لەکردەوەکانیان بچێژن

( کەبەرپابوونی جەنگ وکارەساتە سروشتیەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوەبۆ خواناسی وتەوبەبکەن لەوەی کەکردوویانە.

نەک هەر ئەوەندەبەڵکو لەبەرامبەر ئەو هەموو ناز ونیعمەتەی کەپەروەردگار لەسەر زەوی بۆ ئادەمیزادی فەراهەم هێناوەدەبوایەشوکر وسوپاسی خوای لەسەر بکرێت وهەمیشەخۆمان بەقەرزاری ئەو زاتەبەرزەبزانین، چونکەشوکر وسوپاس گوزاری لەسەر نیعمەتەکانی خوا هۆکارێکەبۆ بەردەوام بوون وزیاد بوونیان، هەر وەک چۆن ناشوکر بوونیش هۆکارێکەبۆ دابەزینی سزای پەروەردگاری باڵادەست، وەک خوای گەورەدەفەرموێت : ( وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ) [ ابراهيم : ٧ ] .

واتە: لەیادتان بێت کەپەروەردگارتان بڕیاری داوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزار وشوکرانەبژێر بن، ڕزق وڕۆزی ونازونیعمەتتان بەسەردا دەڕێژم وبۆتانی زیاد دەکەم، بەڵام ئەگەر ناشوکر وسوپاس ناپەزێر بن، بەڕاستی ئەو کاتەئیتر تۆڵەوسزای من زۆر سەخت وبەئازار دەبێت .

نەک ئێمەی گوناهبار تەنها شوکری خودا ناکەین بەڵکو کەسانێکی بێ ئەمەک وسپڵە ونمەک نەناس دژایەتی بەرنامەوئاینەپیرۆزەکەی پەروەردگاریشیان دەکەن، وکار گەشتوەتەئەوەی کەقسەلەسەر زاتی خوا وپێغەمبەرەکانی دەکەن وبەسووک بێ نرخ ناویان دەهێنن ( خوا پەنامان بدات ) ، ئیتر چۆن وبەچ شێوەیەک ڕوومان بێت چاوەڕوانی ڕەحم وبەزەی خوا بین ؟! .

لەجێگایەکی تر خوای گەورەلەقورئاندا دەفەرموێت : ( وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ) [ الاعراف : ٩٦ ] .

خوای گەورەلەم ئایەتەپیرۆزەدا وەبیری پێغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) دەهێنێت بەوەی ئوممەتانی پێشوو وخەڵکی لادێ وگوندەکان کاتێک کەپێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانەکرا وماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا خەریک بوون کەباوەڕ بهێنن ویەکتاپەرست بن  وواز لەبت پەرستی وباوەڕی پووچ وبەتاڵیان بهێنن، کەچی نەک هەر باوەڕیان نەهێنا بەڵکو کەوتنەکوشتنی ئەو پێغەمبەرانەودژایەتی کردن ودەرکردنیان لەووڵات، لەبەرامبەریشدا خوای گەورەسزای سەختی ڕشت بەسەریاندا وکردنی بەپەند وئامۆژگاری بۆ مرۆڤایەتی هەتا هەتایە، دەبینین گەلی نوحی بەلافاو وفەیضان لەناوبرد، فیرعەون

ودەست وپێوەندەکەی بەخنکان لەڕووباری نیلدا لەناوبرد، وەگەلی عادیشی بەڕەشەبا و گەلی ثەمودیش بەدەنگێکی زۆر گەورە و ...... هتد .

هەر بۆیەلەم ئایەتەدا خوای گەورەدەیخاتەبەردەم ئوممەتی ئیسلامیش کەشوکر وسوپاسی خوای گەورەبکەن لەسەر نازونیعمەتەکانی وەدوور بن لەناشوکری ئەو، بۆیەدەفەرموێت : خۆ ئەگەر خەڵکی شار وگوندەکان بەڕاستی باوەڕیان بهێنایەوخواناس بوونایە، ئەوا بێگومان ئێمەدەرگای فەڕو بەرەکەتی ئاسمان وزەوویمان لەسەر دەکردنەوە، بەڵام ئەوان کەپەیام وپێغەمبەرانی ئێمەیان بەدرۆزانی، ئەمجا ئێمەش بەهۆی ئەو کاروکـــردەوانەی کەدەیانکرد ( ســزای سەختمان بەسەردا ڕشتن ) وگـــرتمانن ولەناومان بردن .

خوشک وبرایانی بەڕێز خراپەوخراپەکاری وبێڕێزی بەرامبەر بەفەرمانەکانی پەروەردگار ڕۆژ لەڕۆژ لەناو ئوممەتی ئیسلام لەزیادبووندایە، بەشێوەیەک هەموو شار وگوند وتەنانەت ماڵ وخێزانەکانیشی گرتوەتەوە، بەشێوەیەک پێش بیست یان سی ساڵ بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، بۆ نموونەبڵاو بوونەوەی ئەو هەموو یانەشەوانەی مەی خواردنەوەوسەما کردنی ئافرەتانی بەرەڵا و کردنەوەی ئەو ژمارەزۆرەی کەناڵەئاسمانیە( بێ ئابڕوو وڕەوشت ڕووخێنەرەکان ) وخۆکردنیان بەهەموو ماڵێکدا بەبێ سانسۆر ، هەموو ئەمانەوزۆرێکی تریش کەجێگای باسکردن نین، وایان کردوەلەگەنج ولاو کۆمەڵگای ئیسلامی بێ ئاگابن لەئاینەکەیان وسەرگەرمی تێرکردنی ئارەزووەکانیان بن بەبێ گوێدانەداب ونەریتەکۆمەڵایەتیەکان، هەر ئەم هۆکارانەش وای کردوەکەژمارەی تاوان وکوشتن ودەست درێژی کردنەسەر ئافرەتان لەتۆماری بنکەکانی پۆلیس ودادگاکاندا بەژمارەیەکی زۆر ولەبەرچاو ڕوویان لەزیاد بوون کردوە.

جا خوشک وبرایانی ئازیز گەر کار وا بڕوات وسنورێک دانەنرێت لەلایەن ( دەسەڵات وحکومەت وبەرپرسانەوەئەویش بەهاوکاری خەڵکانی دڵسۆز وزانایان وماموستایانی ئاینی وڕۆشنبیران وکەسانی پسپۆڕ ) بۆ ئەم تاوانانە، کۆمەڵگەکەمان لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، تاکەشتێک کەشانازیمان پێوەدەکرد ( کەڕەوشت بوو ) لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا ئەوەشمان نامێنێت ولەدەستی دەدەین .

جا پێش ئەوەی کەشتیەکەمان نوقمی دەریا ببێت وچاک وخراپ پێکەوەبسوتێت، وئەو ناز ونیعمەتەی کەخوای گەورەپێی بەخشیوین لەئاشتی وئارامی ونەمانی دەستی دوژمن وبکوژانی ئەم

گەلەستەم دیدەیە، با بەخۆماندا بچینەوە وبگەڕێینەوەبۆلای خوای گەورەوجارێکی تر لەگەڵیدا خۆمان ئاشت بکەینەوەوپەیمان بدەین کەبەندەی ڕاستەقینەی ئەو بین، چونکەتەنها چارەسەر ئەوەیە،وەگەرنا وەک ووتمان سەرەنجامی هەمووان ئەوەیەکەکەشتی ئەمن وئەمان وئارامان دووچاری نوقم بوون دەبێت وەک پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت : " **مثل القائم على حدود الله والواقع فيها كمثل قوم استهموا على سفينة فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقالوا لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا ولم نؤذ من فوقنا فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعا** " [ رواه البخاري ] .

واتە : نموونەی ئەوانەی کەڕاوەستاون لەسەر سنوورەکانی خوا ( واتەخۆیان چاکەخوازن وفەرمان دەکەن بەچاکەوقەدەغەش دەکەن لەخراپەوخراپەکاری ) لەگەڵ ئەو کەسانەی کەتاوانبار وگوناهبارن وسووکایەتی دەکەن بەسنوورەکانی خوا، نموونەیان وەک ئەو کۆمەڵەکەسەوایەسواری کەشتیەک بووبن، کەپێک هاتووەلەدوو نهۆم، هەندێکیان لەنهۆمی سەرەوەی کەشتیەکەدانیشتوون وئەوانی تریشیان لەنهۆمی خوارەوەی، جا ئەوانەی کەلەنهۆمی خوارەوەن کاتێک تینوویان دەبێت هەموو جارێک بۆ ئاو هەڵگۆستن لەدەریاکەوەدەبێت بێنەسەرەوەبۆ نهۆمی دووەم تاوەکو دۆڵچەکەیان دابهێڵن بۆ ناو دەریاکەوئاوی پێ بهێنەسەرەوە، بەڵێ هەموو جارێک بەم کارەیان ئەبنەهۆی ئەزیەت دانی کەسانی سەرەوە، ئەوانیش پێیان دەڵێن ئۆف لەئێوەچەند نارەحەتمان دەکەن گشت کاتێک بەهۆی ئێوەوەئیسراحەتمان لێ هەڵگیراوە .

جا کەسانی خوارەوەش بەم هەڵوێستەنارەحەت دەبن ودەڵێن پێویست ناکات ئیتر بچینەسەرەوە، هەر لای خۆمان لەخوارەوەکونێک دەکەینەکەشتیەکەوبۆ خۆمان بەئاسانی ئاو هەڵدەگۆزین وتاقەتی بۆڵەبۆڵی ئەوانمان نیە .

جا لێرەدا دەبێت هەڵوێستی کەسانی نهۆمی دووەم چی بێت؟ هەڵوێستیان لەدوو شت بەدەر نیە، یەکەمیان : ئەوەیەوازیان لێ بهێنن کەشتیەکەکوون بکەن وئەو کاتەش کەکوونیان کرد ئاو دێتەناو کەشتیەکەوەووردەووردەهەموویان بەیەکەوە نوقمی دەریا دەبن وتیادەچن .

دووەم : یان دەبێت ئەوانەی سەرەوەدەستیان بگرن ونەهێڵن کاری وابکەن وڕازی بن بەو ئەزیەتەی کەلەکاتی هاتنەسەرەوەی ئەواندا دێتەڕێگایان، لەپێناوی ئەوەی کەکەشتیەکەکوون نەکرێت وهەموولایەکیان ڕزگاریان ببێت .

جا ئەگەر هەڵوێستی دووەمیان هەڵبژارد ودەستیان گرتن وقوربانبان بەخۆیان دا بەکەمێک ئەزیەت وناڕەحەتی، هەموو لایەکیان ڕزگاریان دەبێت وکەشتیەکەیان بەسەلامەتی دەگاتەکەنارەکانی ئەمان وژیان بەبەری هەموولایەکیاندا دەکرێتەوە.

بەڵێ ئەو کەسانەشی تاوان وگوناهـ دەکەن وهەوڵیش دەدەن برەو بەکارەخراپەکانیان بدەن لەنێو خەڵکیدا، وەک ئەو کەسانەوانکەدەیانەوێت لەنهۆمی خوارەوەکەشتیەکە کوون بکەن، جا ئەگەر کەسانی ژیر وخاوەن هۆش لەدەسەڵاتداران وزانایان وخەمخۆرانیگەل وولاَت دەستی ئەو کەسانەنەگرن وقەدەغەیان نەکەن لەخراپەوخراپەکاری وگوناهەکانیان، ئەوا سزای سەختی پەروەردگاری بەهێز وخاوەن دەسەڵات هەموو لایەک دەگرێتەوەبەبێ جیاوازی کردن لەنێوان چاکەخواز وخراپەکاراندا تەڕ ووشک پێکەوەدەسوتێت ( خوای گەورەپەنامان بدات )، هەر لەم بارەیەشەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ( وَاتَّقُوا فِتْنَةً لا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ )[ الأنفال : ٢٥ ].

واتە: خۆتان بپارێزن لەبەڵا و سزایەک تەنها تووشی ئەوانەتان نابێت کەستەم وگوناهـ وتاوانیان کردوە( بەڵکو هەمووان دەگرێتەوە) باش بیشزانن کەبەڕاستی خوای گەورەتۆڵەی زۆر سەخت وبەهێز وبەزەبرە.

دەبێت بپرسین لەبەرچی هەموان دەگرێتەوە؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانەلەبەر ئەوەی تاوان وگوناهـ وبێ ڕێزی بەئاین وپێغەمبەرانی خوا کراوەوهەموویش لێی بێ دەنگ بوون، جا با تەوبەیەکی ڕاست ودروست بکەین وبگەڕێینەوەبۆلای خوای گەورە، پێش ئەوەی سزای سەخت هەموومان بگرێتەوەوتەڕو ووشک پێکەوەبسوتێت، نەبادا کەشتیەکەمان غەرق ببێت .

سڵاوی خوای بەبەزەیی ومیهرەبان لەهەموو لایەک

ودرود ڕەحمەتیش بۆ سەرگیانی پێشەوای ئازیزمان محمد المصطفی